**وەك ژمارەکانی پێشووتر لەم ژمارەیەشدا بەپێویستمان زانی چاوێك بەسەر کارەکانی هونەرمەند سەید ئەحمەد رواندزی دابخشێنین و هە ڵسە نگا ند نێکی هونەریانەیان بۆ بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاو بۆچوونی چەند کەسێکی شارەزامان لە بواری موزیك و هونەری کوردی وەرگرت.**

### جێگەی ئەوەیە هەموولایەك شانازیی پێوە بکەین

سەرەتا هونەرمەند شێرزاد سەرسپی سەبارەت بە کارەکانی سەید ئەحمەد رواندزی دەڵێت «بەشێوەیەکی گشتی سەید ئەحمەد ڕواندزی هونەرمەندێکە کەجێگەی ئەوەیە هەموو لایەك شانازی پێوە بکەین، چونکە ژەنیارێکی زۆر باش و لێهاتوو و سەرکەوتووە لەبوارەی ژەنینی کەمانجەدا. جگە لەوەش لە بواری ئاواز دانان رۆڵی خۆی بینیوە، کەمتەرخەم نەبووە لەم بوارە، کارەکانی خۆی زۆر بەڕێکی ئەنجام داوە، من چ وەکو برادەرێکی ئەو یاخود وەك بەڕێوەبەری ئەو زۆر لە کارەکانی ڕازیم و هەمیشە شانازیم بە کارەکانی کردووە، ئەمە لەلایەنی هونەری، هەروەها لایەنی کەسایەتی کەسێکی تا بڵێی دڵپاکە دەتوانێت لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێك هەڵسوکەوت بکات. لە کارکردن توندوتیژ نییە زۆر رێزی هونەرمەندانی لەخۆی گەورەتر و پێشەنگتر دەگرێت.

### هیڤیدارم تێکەلیا وی خەلکی نەکەت کو لاسایا موزیکا دەورووبەرا د کەن

هەر سەبارەت ب سەید ئەحمەد بەرزنجی مامۆستا جەمال محەمەد ئەدیب سەرۆکێ تیپا مۆسیقای دهۆکێ دبێژیت: ل گور ناسینا من بۆ



هەڵســـ

هونەرمەندێ موزیکژەن سەید احمد ڕەواندزی ل سالێن ١٩٨٠ هەیا نها شیایە خزمەتەکا ئێك جار گەلەك پێشکەشی خەلکێ کوردستانێ ب گشتی، ب تایبەت ل سالێن ١٩٨٠ شیایە چەندین کارێن موزیکی بکەت چ گروپ یان تاك یان بۆ سترانبێژا.

پشتی سەرهلدانا پیرۆز هەر ل دەستپێکا سەرهلدانێ ل سالا ١٩٩١ دەست هاڤێتیە کەمانجا خۆ ل گەل هەڤالێن خۆ یێن موزیکژەن وەك گروپ دیسان خزمەتەکا ئاشکرا پێشکێش کریە و بەردەوام بوو ل سەر کارێ خۆ تا چوویە نڤیسینگەها سەتەلایتا کوردستان، هەر دیسان وەك سەرکێشێ گروپێ موزیکێ چەندین کارێن جوان پێشکێش کرینە، ماندیبوونەکا گەلەك مەزن و بۆ چەندین هونەرمەند و سترانبێژا یێن هەرچار پارچێن کوردستانێ،ژ لایێ ئاوازێ ڤە ژی هونەرمەندێ ناڤبری گەلەك گەلەك ئاواز داناینە بۆ چەندین سترانبێژا و هاریکار بوویە د گەل هەمی هونەرمەندا ژ بۆ پێشئێخستنا هونەرێ کوردی دیر ژ لاسایی کو ب ڕاستی ئەڤە کارەکێ ب ساناهی نینە کو تۆ بشێی هونەرێ خۆ وەکو کەلتورێ وی ب پارێزی، هیڤیدارم سەرکەفتی بیت د کار وژیانا خۆدا و تێکەلیا وی خەلکی نەکەت کو لاسایا موزیکا دەرووبەرا د کەن بمینیت وەك کەسایەتیا خۆ یا تایبەت کو هیڤیدارم ژی وەك پێشنیارەك کو خزمەتا ئەو هونەرمەندێن بەری سەرهلدانێ و دەست پێکا سەرهلدانێ کەفتینە کاری ب هەموو کێماسیان ڤە خزمەتا وان نەهێتە ژ بیر کرن.

### حەز دەکەم لە ئێستاوە پسپۆرییەتێك بدات بە کارەکانی

هەر سەبارەت بەم بابەتە، هونەرمەند ئامانج غازی دەڵێ: ٣٤ ساڵە من و سەید ئەحمەد بەیەکەوەین لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکان وەك ئەوەی ناسیومە هەست دەکەم کە هونەرمەندێکی ژان گرتووە بۆ میللەتەکەی خۆی و هەمیشە ویستویەتی بڕەو بە کارەکانی خۆی بدات و داهێنان پێشکەش بکات، ئەگەرچی لە کوردستان تا ئێستا داهێنان نەبووە. لەبەر ئەوە سەیر دەکەی هونەرمەندێك لە هەمان کاتدا ئاوازدانەرە، موزیکژەنە، موزیك ئامادە دەکات، ژەنیارە لە هەموو بوارەکاندا، من حەزم دەکرد سەید ئەحمەد لە بواری ژەنیندا زیاتر ڕۆڵی خۆی ببینێت و کاری خۆی بکات، چونکە لەنێو پەنجەکانیدا هەمیشە داهێنان هەیە کە دەتوانێت ئاوازەکان بەشێوەیەکی دیکە دابڕێژێتەوە، هەر لە ئاوازی فۆلکلۆرییەوە بگرە تا ئەو ئاوازانەی بەخۆی دایناوە، لە بواری ئاوازداناندا سەلیقەیەکی زۆر چاکی هەیە، بەڵام وەکو باسم کرد ئەو پەرش و بڵاوییەی سەید ئەحمەد وایلێکردووە بە هەموو شتەکان ڕانەگات و نەتوانێت لە هەموو بوارەکاندا داهێنان بکات، لەبەر ئەوە بەڕاستی وەك هاوڕێیەکی ئازیزی خۆم دەڵێم: حەز دەکەم لە ئێستاوە پسپۆرییەتێك بدات بە کارەکانی خۆی و تێیدا سەرکەوتوو بێت و ئەو بابەتە و توانستەی تا ئێستا سەید ئەحمەد دەریبڕیوە ناگاتە ئەو توانایەی کە ئێستا شاراوەیە لە ناخی سەید ئەحمەد دا لەنێو گیان و ڕۆحیەتی خۆی و ئەو دەست و پەنجانەی لەبەر ئەوەی نەپڕژاوەتە سەر کارەکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك، ڕەنگە هەندێك جار بواری ژیانیش وایلێکردبێت بە هەموو شتەکان ڕانەگات کە لە زاخاوی مێشکی خۆیدایە.

ئەوەی سەید ئەحمەد لە هونەرمەندانی تر جیا دەکاتەوە ڕۆحیەت و هەستی ناسکی و دڵسافی خۆیەتی کە بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ هونەرمەنداندا دەکات و ئەوەی هەیەتی بیدات بە هونەرمەندان و حەزیشم دەکرد بڕەو بە کارەکانی خۆی بدات و هەندێك جاریش لەنێوان موزیکی کلاسیك و موزیکی کوردیدا خۆی ون نەکات و لە ڕێچکەی موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا ببینیم، سەید ئەحمەد گوێچکەیەکی زۆر هەستیاری هەیە بۆ ئەزبەر کردنی ئاوازەکان، ئەمەش وایلێدەکات هەمیشە ئەو ئاوازانەی وەریدەگرێت بەشێوەیەك دایڕێژێتەوە بە هەمان میلۆدی و تەکنیکێکی نوێوە، دەبێ کار لەسەر ئەوە بکات بۆ ئەوەی لە داهێناندا بەردەوام بێت و نەکەوێت.

### کەسێکی بەهێزە و داهێنەرە لەکارەکانی

هونەرمەند هێمن حوسێن دەڵێت «ئەو هونەرمەندە کەسێکی زۆر سادە و ساکارە. بەڕاستی دەبێت زۆر ڕێز لە کارەکانی بگیرێت، بە سادەو جوانیەکەی خۆی ئەوەی لەلامان دروستکردووە کە وەکو هاوتەمەنی خۆمان سەیری بکەین نەوەك جیاوازیەکی هەبێت. مامۆستا سەید ساڵانێکی زۆر بەرپرسیاریەتی کاری هونەری زۆر قورس و گرانی لەئەستۆدا بووە چ لەکەناڵەکان چ لەو دەزگایانەی کە کاری لێکردووە دەیتوانی بەو توانایەی خۆی کەسایەتیەکی تر بۆ خۆی دروست بکات. وەکو کەسێك کە بەداخەوە پێی دەڵێت (بۆرجوازی)، بەڵام ئەو بەو هەوڵسوکەوتە جوانەی وای لە خۆی کردووە کە زۆر لێیەوە نزیك بین. کەسێکی زۆر بە توانایەو داهێنەرە لە بوارەکەی خۆی ژەنینی کەمانجەو لە هەمان کاتدا کەسێکی زۆر ئەکادیمییە کە کاری لەگەڵ دەکەی هەست دەکەی ئەرشیفێکی باشی هەیە لە بواری میوزیکدا. جگە لەوەش دەنگی زۆر خۆشە ئەگەر گۆرانی بوتایە دڵنیابووم کە ناوبانگێکی باشی دەبوو، بەڵام دیارە بارودۆخ ڕێگەی پێنەداوە گۆرانی بڵێت. کاتێك پارچە مۆزیکێك دەژەنێت ڕۆحیەتێکی تێدایە وەکو خۆی دەیژەنێت بۆ نموونە «فارسی وەك خۆی دەژەنێت. مامۆستا سەید کە دێتە ستۆدیۆ بۆ کاری هونەری ئەو تواناو بەرگرییەی لە ئەو داهەیە لە هیچ لەو هونەرمەندە گەنجانەدا نییە، ئەگەر ئیشەکە ئاسان یان قورس بێت هیچ کاتێك نایبینێت کە بێهێزە لە کارەکەی خۆی.

### جێگە پەنجەی لەنێو هونەری کوردیدا دیارە

هونەرمەند پەیوەند جاف لەبارەی کارەکانی سەید ئەحمەد وتی «یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە جێی پەنجەی دیارە لەنێو هونەری کوردیدا، هەمیشە هەوڵیداوە تازەگەری لە کارەکانی بکات و دەستخۆشی لێدەکەم دەتوانم بڵێم زۆربەی کارە هونەرییەکانی هونەرمەندان سەید ئەحمەد ڕواندزی بەشداری کردووە، هیوادارم نموونەی زیاد بێت و سەرکەوتوو بێت لەکارەکانی.

### سەید ئەحمەد زۆرێك لەهونەرمەندانی دروست کرد

هونەرمەند نازدار پێیوایە سەید ئەحمەد توانیویەتی هونەرمەندێکی زۆر پێبگەیەنێت و لەو بوارەوە دەڵێت «چونکە هاوکاری زۆربەی هونەرمەندان دەکات، بۆنموونە کاتێك دەستم بەکاری هونەری کرد سەرەتا نە گۆرانی نە ئاواز هیچم نەبوو، ئەو یارمەتیدام، ئەلبوومی بۆ ئامادەکردم تاخۆم دروست کرد لە بواری گۆرانی وتن زۆر هاوکارم بوو، هەروەها لە زۆربەی ئاهەنگ و کۆنسێرتەکان بەشداربووە بەبێ هیچ بەرامبەرێك، بۆیە هونەرمەندێکی تابڵێی سەرکەوتوو و هونەردۆست و کەسێکی زۆر هەست ناسك و کەسایەتییەکی بەرزی هەیە لەنێو هونەری کوردی دا.

## ـەنگاندنی هونەر و کارەکانی هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی



## هونەرمەنـد عـــــ

رۆژی ٢٠١١/٥/٢٨ و لـە ئەنجامی نەخۆشییەکی کوشندە هونەرمەند عەبدوڵڵا زێڕین کۆچی دوایی کرد و هەر لە هەمان رۆژ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان و دۆست و کەسوکاری هونەرمەند تەرمەکەی لە گۆڕستانی شاخکێ بە خاك سپێردرا.

هونەرمەند عەبدوڵڵا زێڕین لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری ئامێدی هاتۆتە دنیا و لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ تیپی ١١ی ئادار دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە و وەك هونەرمەندێك ناسراوە و لە ساڵی ١٩٧٤ بەدواوە خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی کردووە لە بوارەکانی

## رۆلا سەعد: کورد میللەتێکی شۆڕشگێڕن و شایەنی رێز لێگرتنن



**گوڵان- فابیان عەون بەیروت**

لە دیمانەیەکیـــدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان کە لـــە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەکرێتەوە، خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی رۆلا سەعد باس لە چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی و کار و بەرهەمـــە نوێیەکانـــی دەکات و تیشـــك دەخاتە ســـەر چەند لایەنێکی ژیانی تایبەتی خۆی.

دەربارەی ئەوەی کە هیچ کاتێك بیری لەوە کردۆتەوە واز لە کاری هونـــەری بهێنی یان بێزار بووبێت لێی؟ رۆلا دەڵێ: هەموو مرۆڤێك جاری وا هەیە هەســـت بە ماندوو بوون دەکات و پێویستی بە ئارامی و حەســـانەوە هەیە، بەجۆرێك واز لە هەموو کارەکانی خۆی بهێنێت بەتایبەتـــی ئەوانـــەی بێزاری دەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا خوای گەورە هێزی پێبەخشـــیوم و هەر کاتێك هەستم بە ماندوو بـــوون کردبێت، هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی خـــۆم زیاتر ماندوو بکەم و لە گۆڕەپاندا بمێنمەوە.

دەربـــارەی میللەتـــی کوردیش رۆلا دەڵێ: پەیامی من بۆ کوردەکان ئەوەیە کە ئێوە کارێکی باشتان کردووە، چونکە ئێوە شۆڕشـــگێڕن و حەز بە ژیان دەکەن و پەنا بەخوا بەســـەر هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرەکانـــدا زاڵ دەبن کە دێنە ســـەر رێگەتان و هیوادارم لە نزیکەوە لە هەولێر چاوم پێتان بکەوێ.



## پاریس هیلتۆن: کراسەکەی من جیاوازە لە کراسەکەی کیت

هەرچەندە ئێستا پاریس هیلتۆن دەستگیرانی نییە، بەڵام بەپێی چەند سەرچاوەیەك ماوەی ساڵێك دەبێت لە پێوەندیدایە لەگەڵ بیزنسمانێکی بەناوبانگ.

بەپێی چەند ســـەرچاوەیەکی نزیك لە پاریس بڕیـــار وایە لە ماوەیەکی نزیکدا هاوسەرگیری خۆیان رابگەیەنن، چونکە ئەو ئاهەنگە هاوسەرگیرییە گەورەیەی بۆ شـــازادە ویلیام و کیت میدلتۆن ســـاز کرا کاریگەری زۆری لەسەر پاریس هەبـــووە، بۆیە زۆر بیر لەو ئاهەنگە دەکاتەوە و لە ئێســـتاوە کراســـی بوکێنی خۆی دیاریکردووە و دەربارەی کراسی بوکێنی کیت دەڵێت: کیت زۆر جوان بوو کراسەکەیشی زۆر جوان و نموونەیی بوو، بەڵام کراسی من زۆر جیاوازتر دەبێت لە هی کیت و خەڵکیش ئەو کات هەست بە جیاوازییەکە دەکات.

بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بەگی
xalil2001@yahoo.com
Mobile: 07504494920



# عەبدوڵڵا زێڕین کۆچی دوایی کرد

گۆرانی و موزیك و شانۆ و بەردەوام بووە و تا رۆژی ماڵئاوایی زیاتر لە ١٠٠ گۆرانی و سروودی لە رادیۆ و تەلەفزیۆن تۆمار کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ هونەرمەند دلشاد محەمەد سەعید رۆڵێکی زۆری هەبوو لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای دهۆك و لە ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٧ لە ماڵی خۆی و لەسەر ئەرکی خۆی ستۆدیۆیەکی دروستکرد بۆ ئەوەی بتوانێت یارمەتی هونەرمەندان بدات بەبێ جیاوازی، ئەمەش یەکێکە لەو کارانەی کە جێگەی شانازییە، دەربارەی خوالێخۆشبوو هونەرمەند ئیسماعیل جومعە دەڵێ: خوالێخۆشبوو عەبدوڵلا زێڕین یەکێك بووە لەو هونەرمەندانەی خزمەتێکی زۆری هونەر و هونەرمەندانی کوردی کردووە لە هەموو بوارەکاندا، زۆر جار پێی دەگوتم هەر کاتێك تۆ و هەر هونەرمەندێکی دیکە پێویستیتان بە من هەبێت، من ئامادەم بە هەموو شێوەیەك هاوکاریتان بکەم.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی هونەرمەند عەبدوڵلا زێڕین



# ئیناس یاخی دەبی

کچە ئەکتەری تونسی ئیناس عەلی رۆڵی پاڵەوانیەتی دەبینی لە زنجیرەیەك بە ناوی (عریس دلیڤەری) بە بەشداری هەر یەکە لە هونەرمەندان هانی رەمزی و هالە فاخر. لەم زنجیرەیەدا کە بڕیار وایە لە مانگی رەمەزاندا پێشکەش بکرێت، ئیناس رۆڵی کچێك دەبینێت کە دەبێتە هاوسەری پیاوێکی بە تەمەنتر لەخۆی، بەڵام دواتر هەندێك لە هاوڕێیانی کوڕی هاوسەرەکەی دەناسێت و دووبارە بیر لەوە دەکاتەوە چۆن بگەڕێتەوە ژیانی گەنجایەتی، بۆیە بڕیار دەدات یاخی ببێت لەو ژیانەی ئێستای و تووشی چەند گرفتێك دەبێتەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی.



# ئەحمەد سالار چاوەڕوانی چەند کارێکی هونەرییە

هونەرمەندی ناودار ئەحمەد سالار بە نیازی ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری جیاجیایە و یەکێك لە کارەکانی دەربارەی ژیانی فائیق بێکەسی شاعیر دەبێت.

لەم بارەیەوەی لە پێوەندییەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان گوتی: بە نیازم بۆ یەکەم جار شانۆگەرییەکی گۆرانی و سەما بە شێوازێکی تازە دەربارەی ژیان و سەبوردەی فائیق بێکەسی شاعیرە لە ٤٤ ساڵی تەمەنیدا و گرنگترین وێستگەکانی ژیانی ئەو شاعیرە گەورەیەی گەلەکەمان و کاریگەری ئەم شاعیرە لەسەر گەلەکەمان بە گشتی لەوانەش شەڕی بەردەرکی سەرا و چەند رووبەڕووبوونەوەیەکی دیکەی ئەو سەردەمە

هونەرمەند ئەحمەد سالار هەروەها گوتی: لەلایەکی دیکەوە بڕیار وایە دەرهێنەری گەورەی عێراقی (سەلاح قەسەب) کە سەرۆکی فیستیڤاڵی جیهانی قاهیرەیە، شانۆگەری (ریتچاردی سێیەم ) لە کوردستان نمایش بکات و رۆڵی پاڵەوانی شانۆگەرییەکە کە ریتچاردە بە من بسپێرێت، هەروەها من هەستاوم بە وەرگێڕانی شانۆگەرییەکە بۆ سەر زمانی کوردی و چاوەڕوان دەکرێت ئەم هاوینە کار لەم شانۆگەریەدا بکرێت.